کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 20:27 26-10-2007


کۆمەڵەی لاوانی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب
Komeleya Lawanî Neteweyî Ey Reqîb
Ey Raqîb Her Mawe Qewmî Kurd Ziman, Nay şikênê Danerî Topî Zeman
Yak Dang .... Yak Rang .... Yak Halwist .... Yak Amanj .... Yak Drusm .... Yak Xabat La Pinaw Kurd U Kurdistan

**ئەوانەی بە خەباتی نەتەوەیی کورددی دەڵێن ڕاسیزم و فاشیزم، دوژمنی کورد و کوردایەتین**

بەڕێزان کوردپەروەرانی برا و هاوخوێن و ڕەگەزمان:
کوردستانیانی تێکۆشەر لە هەموو دونیا :
نەتەوەپەرستانی ڕۆژانی تەنگانەی کورد:
سڵاوی کوردایەتی و شۆڕشگێڕانەی گەرمتان لێبێت:
برایانی نەتەوەییمان:

لەگەڵ دەستپێکی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەکەمان و دەست کردنمان بە کار و چالاکیەکانمان کە هەر جوڵانەوەیەکمان بۆ خزمەتی کورد و کوردستان بووە، بۆ ئەو مەبەست و ئامانجانە بووە کە هەموو تاکێکی کورد لە هەموو دونیا شانازی پێوە بکات و بە هیمەتی مەردانەی خۆی بزانێت، ئەو چالاکیانەی ئێمە تەنها بۆ هێرش کردن و ڕەت کردنەوەی بەرامبەر نەبووە بەڵکو پێداگیری لەسەر مافە نەتەوەییەکانمان کە ساڵانێکی دوور و درێژە لێمان زەوت کراوە، ئێمە وەك نەتەوەی کورد دەخوازین وەك مرۆڤ بە ئاسوودە بژین نەك لەبەر ئەوەی کوردین سەرببڕدرێین و تیرۆر و ڕەشەکوژ بکرێین، وەکو کۆمەڵەش دەخوازین بەرامبەر دوژمنەکانمان بوێرانە جیا لەو زمانانەی ئەوان بەکاری دەهێنن ڕووبەڕویان ببینەوە و نەهێڵین ئیتر لەژێر ناو و ناونیشانی جۆراوجۆر لەناومان ببەن و دەستخەڕۆ و هەڵمان خەڵەتێنن و دووبارە پیلانی جینۆساید و ئەنفالمان بۆ دارێژنەوە، هیچ کاتیش نامانەوی داگیرکەرەکەمان بە برا و دۆست و مرۆڤ بزانین کە لە کاتێکدا ئەو داگیرکەرە بە هەموو شێوە و شێوازەکان هەوڵی سڕینەوەمان دەدات، بە مافی ڕەوای خۆمانیش دەزانین ڕێگری لەو پەتا کوشندەیە بکەین کە ناوی (بەعەرەبکردن) ە، جا ئەو پەتایە لە ژێر ناوی هاتنی عەرەبەکانەوە بێت بۆ کوردستان یانیش هەڵمەتی گۆڕینی ناوی کوردی بۆ عەرەبی یانیش پڕکردنی بازاڕەکانی کوردستان بێت لە کاڵاکانی کەنداو بە تایبەت کولتوری عەرەبی لە جل و بەرگ و.. تد، یان هەر شێوە و شێوازێکی تر کە بۆنی ئەم پەتا کوشندەیەی تەعریبی لێوە بێت ئێمە بەرەنگاری دەبینەوە بە خەباتی سەردەمانە و گیانێکی کوردپەروەرانە.

کوردپەروەرانی شۆڕشگێڕ:

لەم ماوەیە بۆمان دەرکەوت کە کەسانێکی خۆفرۆشی دژ بە دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمان، کە بەرژەوەندیەکانیان چ وەك لایەن و چ وەك کەس و تاخم و گروپ دەکەوێتە بەر مەترسی، کەسان و خەڵکانێك کە پێیان ڕەوایە ئەوانەی کوردیشیان ئەنفال و جینۆساید کردووە بێن لە شارەکانی کوردستان خزمەت بکرێن چونکە (ئینسانن) و نیشتەجێببن بۆ هەتایە و زەوی و موڵك و ماڵیش وەك کەرکوك بە پارە داگیر بکەن، دەست بەسەر بازاڕ و کاردا بگرن، گوایە (ئینسانن) عێراق بۆ هەمووانە، کە سانێك کە داماڵراون لە هەموو هەست و نەستێکی نەتەوایەتی و لایەن و کەسانێکی بەکرێگیراو کە بۆ کوشتنی هەستی نەتەوەیی و سڕکردنی هەست و هۆشی تاکی کورد بە ئایدیۆلۆژیای دۆگما و کۆنەخوازی و بێگانە پەرستی و نامۆ بە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، سەدان ناو و ناتۆرەی

هەڵبەستراوی پڕ لە رق و قینیان بۆ کۆمەڵەکەمان هەڵبەستاوە کە تاکە ئامانجیشیان لەم بۆچوون و پیلانە نەگریسەیان سست کردن و سڕینەوەی هەستی نەتەوایەتی و کوردپەروەریە لەناو ناخی تاکی کورد، چونکە دڵنیان ئەگەر سەدان ساڵی تریش لە گۆڕەپانی سیاسی کوردی دابن ئەوا هەر جێی گومان و نامۆن بە جەستەی ئەم دۆزە رەوایەی ئێمەی کورد بۆیە هەر گاف نەك تەنها لە دواوەی کاروانن بەڵکو ئەم کاروانە پڕ شکۆیەی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کوردمان لە پێناو خاك و نەتەوە دەخوازن تێك بدەن و بە ناو و ناتۆرەی جیا ناشیرینی بکەن، کۆمەڵەی لاوانی نەتەوەیی ئەی رەقیب لە وەها ساتەوەختێکدا هاتۆتە گۆڕەپانەکە کە نەتەوەی کوردمان لە باشووری کوردستان بە دەیان و سەدان ئاریشەی جیاجیاوە دەناڵێنی کە لەسەرووی هەموویانەوە کێشە و پرسی کەرکوك و ناوچە نا ئازاد و نا ئارامیەکانی تری وڵات کە دەناڵێنی لەو نائارامیەی کە عەرەبەکان هۆکاری سەرەکین، سەرەڕای ئەمانەش باوەش کردنەوە بۆ ئەو عەرەبانەی کە لە شارەکانی خۆیانەوە رادەکەن و مێژووی بەعەرەبکردنی کەرکوك لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی دووبارە دەکەنەوە.

نیشتمان پەروەرانی کورد:

ئەی ئەو کەسانەی کە خۆیان بە کوردی راستەقینە و پاك دەزانن:

کۆمەڵەی لاوانی نەتەوەیی ئەی رەقیب ناخوازێت دژی مرۆڤایەتی بێت، بەڵام هەر کەسێك کورد وەك مرۆڤ و نەتەوە و خاوەن ماف نەزانێت کاری سڕینەوەی بدات وەك مرۆڤ و لە مافەکانی دووری بخاتەوە و پێی رەوا نەبینی و مەترسی بێت بۆ سەر نەتەوەکەمان ئاسایشی نەتەوەکەمان... ئێمەش پێویستە بۆ بەرگری لە ناسنامەی نەتەوەییمان هەڵوێستمان هەبێت، هەڵوێستی سەردەمانەش روون ئاشکران چی دەبێت، بۆیە ئەوانەی پێچەوانەی ئەم بۆچوونەمان بیر دەکەنەوە دڵنیایان دەکەینەوە کە هەزاران ناو و ناتۆرەی ترمان بۆ هەڵبەستن ئەوا لە خەباتی نەتەوەییمان ساردمان ناکاتەوە، ئەو رۆژانەش تێپەڕین ئیتر چاوەڕوانی میللەتی سەردەست بکەین بەزەییان پێماندا بێتەوە، ئەمڕۆ رۆژی کوردە بە هێزی مێشك و بازوو ماف دەسەنرێ نەك چاوەڕوانیان بین کە کەی مافمان پێ دەدەن، زۆر دانمان بەخۆمان گرت و زۆریش نەرمیمان بۆیان نواند و وەك مرۆڤ هەژمارمان کردن، بەڵام وەك رەفتاری دێرین و هەمیشەییان لە عولەمای ئاینیانەوە تا دەگاتە چەپ و راست و هەموو شەقامەکەیشیان بەردەوام لە رەت کردنەوەی ئێمەن و ناخوازن کورد بە تاکە ئامانجێکی بچووکیشی بگات و سەرەڕای ئەمانەش بەردەوام لە کوشت و بڕکردنی ئێمەی کوردن.

کۆمەڵەکەمان دژی کوشتن و بڕینە، دژی چەوساندنەوەی مرۆڤە، دژی ململانێ و دووبەرەکی نانەوەیە، بە هەموو شێوەیەك تیرۆر رەت دەکاتەوە، بەڵام بۆ ئەو کۆمەڵگا و لایەن و کەسانەی کە بە مانای مرۆڤ مرۆڤن، ئەوانەی ئازادیخواز و دژ بە کورد نین، کۆمەڵەکەمان ناخوازێت جارێکی تر ئەو مەینەتیانەی بەسەر نەتەوەی کورددا هاتووە دووبارە ببێتەوە، دەخوازێت بیر و هەستی نەتەوایەتی زیندوو بکاتەوە و گەشەی پێ بدات، کۆمەڵەکەمان دەخوازێت رێگر بێت لەبەردەم شاڵاوی بەعەرەبکردن و بە تورك کردن و بە فارس کردنی کوردستان، لە بری کاڵای بیانی و بوژاندنەوەی ئابوری دراوسێیە داگیرکەرەکان با بایەخ بە ئابوری ناوەوە بدرێت، لە بری نەهێشتنی رێژەی بێکاری لە وڵاتەکەی خۆمان با هەوڵ بدرێت کرێکاری بیانی نەهێنرێتە کوردستان، لە یەکەم بەیاننامەشمان ئاماژەمان بەو پرسانە داوە...

ئێمە دەخوازین هەموو کات ئاسایشی نەتەوەییمان بپارێزین و ئەوەی دژی ئاسایشی نەتەوەییمانە دژی بوەستینەوە، ئێمە هەموو میللەتێکی دونیا وەك مرۆڤ بە برا دەزانین، بەڵام هیچ میللەتێکی سەردەست و داگیرکەریش بە برا نازانین چونکە برا نابێتە داگیرکەر برا هاوبەشی خۆشی و ناخۆشیە، برا یەکسانیخوازە و هەست بە مەینەتیەکانی برای دەکات نەك دژی بوەستی و هیچی پێ رەوا نەبینی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:27 26-10-2007

هەر کوردێك لە هەموو دونیا کیانی سەربەخۆیی کوردی لە هەموو دروشم و ئامانجەکان بەلاوە گرنگ تر پیرۆزترە ئینجا شتی تر کۆمەڵەکەی ئێمەش هەر لەم کوردە پاك و راستەقینانە پێکهاتووە، بۆیە بەڵێن بە تەواوی ئەو کوردپەروەر و تێکۆشەر و رۆڵە کورد و مەردەکانی دونیا دەدەین کە تا دوا دڵۆپ خوێنی لەشمان مابێت بە کردەوە لە خزمەت دۆزی رەوای کورددا دەبین و بە هیچ تاریکیەك رێگای کاروان ون ناکەین، سڵ لە هیچ سەختی و ناخۆشییەك ناکەینەوە هیچ شتێکیش لە کار و خەبات و کوردایەتی پیرۆز ساردمان ناکاتەوە، ئێمە گیانی (ئەی رەقیب) ین، دەنگ و رەنگ و هەڵوێست و دروشم و خەباتمان لە هەر شوێنێکە کە تاکە کوردێکیشی لێبێت.

بژی کورد ... سەربەخۆیی بۆ کوردستان

نووسینگەی راگەیاندنی
کۆمەڵەی لاوانی نەتەوەیی ئەی رەقیب
4ی گەلاڕێزانی 2707ی کوردی - 26 / 2007/10
باشووری کوردستان
klnar_kurdistan@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.